# وەقایعی کوردستان

**رۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد هەفتانە دەری دەکات**

ژمارە (١٠٦) چاپی یەکەم سالّی نۆیەم ٥/١٠/٢٠٠٩ ز ١٣/رەزبەر/٢٧٠٩ کوردی ١٦/شوال/١٤٣٠ کۆچی

106

Waqaehi Kurdistan


**لەم ژمارەیەدا :**


* **بڕیاری ژمارە (٢٠) ی سالّی ٢٠٠٩ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق** ............ لا ١
قبول کردنی وازهێنانی ( د. بەرهەم ئەحمەد صالح ) لە ئەندامییەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق و دانانی ( جلال علی عبدالله عثمان ) لە شوێنەکەی، بە پێی بڕیاری ژمارە(١٠)ی سالّی٢٠٠٩پەرلەمانی کوردستان–عێراق

* **بڕیاری ژمارە (٢١) ی سالّی ٢٠٠٩ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق** ............ لا ٢
هەموار کردنی شەشەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان–عێراق، ژمارە ( ١ ) ی سالّی ١٩٩٢ی هەموار کراو. ، بە پێی بڕیاری ژمارە(١١)ی سالّی٢٠٠٩پەرلەمانی کوردستان–عێراق

* **بڕیاری ژمارە (٢٢) ی سالّی ٢٠٠٩ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق** ............ لا ٤
دەستنیشانکردنی ڕێزداران ( بەرهەم احمد صالح احمد ) و ( ئازاد نجیب محمد سلیم ) بۆ سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان–عێراق. ، بە پێی بڕیاری ژمارە(١٢)ی سالّی٢٠٠٩پەرلەمانی کوردستان–عێراق

* **فەرمانی وزاری / وەزارەتی داد** ............ لا ٥
گۆڕینی ناوی ﴿ تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی چوارتا ﴾ ، بۆ ﴿ تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی شارباژێڕ ﴾.

* **بەریانی ژمارە ( ٨ ) ی سالّی ٢٠٠٩/ وەزارەتی داد** ............ لا ٥
کردنەوەی بەشی کۆگا لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی.

* **بەیانی ژمارە ( ٥ ) ی سالّی ٢٠٠٩/ وەزارەتی شارەوانی** ............ لا ٥
کردنەوەی شارەوانی ( سیتەك ) لە ناحیەی ( سیتەك ) کە سەربە پارێزگای سلێمانیە وە بە پلەی چوارەم.

* **بەیانی ژمارە ( ٦ ) ی سالّی ٢٠٠٩ / وەزارەتی شارەوانی** ............ لا ٦
گۆڕینی پلەی شارەوانی چۆمان لە پلە ( سێ ) بۆ پلە ( دوو ).

* **بەیانی ژمارە ( ٧ ) ی سالّی ٢٠٠٩ / وەزارەتی شارەوانی** ............ لا ٦
کردنەوەی شارەوانی ( بەمۆ ) لە ناحیەی ( بەمۆ ) کە سەربە پارێزگای سلێمانیە وە بە پلەی چوارەم.

* **ڕێنمایی ژمارە ( ٤ ) ی سالّی ٢٠٠٩ / وەزارەتی کشتوکالّ** ............ لا ٧
دروست کردنی رەز و باخ لە ناو دارستانە سروشتییەکان.



ناونیشان: هەولێر–چوار ڕیانی عەنکاوە بالّەخانەی وەزارەتی داد. .
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

نرخی ٧٥٠ دینارە

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعياً من قبل وزارة العدل

العدد (١٠٦) الطبعة الاولى السنة التاسعة ٢٠٠٩/١٠/٥ م ١٣/رەزبەر/٢٧٠٩ كوردي ١٦/ شوال/ ١٤٣٠ هجري

## في هذا العدد:


❁ قرار رقم ( ٢٠ ) لسنة ٢٠٠٩ صادر من رئاسة اقليم كوردستان-العراق ....... ص ٩

قبول استقالة ( د. برهم احمد صالح ) و حلول ( جلال علي عبدالله ) ذات تسلسل (٦٠) محله، بقرار رقم(١٠)صادر من برلمان كوردستان-العراق.

❁ قرار رقم ( ٢١ ) لسنة ٢٠٠٩ صادر من رئاسة اقليم كوردستان-العراق ....... ص ١٠

التعديل السادس للنظام الداخلي لبرلمان كوردستان- العراق رقم(١) لسنة ١٩٩٢، بقرار رقم(١١)صادر من برلمان كوردستان-العراق.

❁ قرار رقم ( ٢٢ ) لسنة ٢٠٠٩ صادر من رئاسة اقليم كوردستان-العراق ....... ص ١٢

تسمية السيدين ( برهم احمد صالح احمد ) و ( ازاد محمد نجيب سليم ) رئيسا و نائبا رئيسا لمجلس الوزراء اقليم كوردستان-العراق، بقرار رقم(١٢)صادر من برلمان كوردستان-العراق.

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط..........................................**

❁ أمر وزاري / وزارة العدل............................................ ص ٥

تغيير اسم ( ملاحظية التسجيل العقاري في چوارتا ) الى ( ملاحظية التسجيل العقاري في شاربازێر ) .

❁ بيان رقم ( ٨ ) لسنة ٢٠٠٩ / وزارة العدل........................................ ص ٥

استحداث قسم المخزن في رئاسة الادعاء العام.

❁ بيان رقم ( ٥ ) لسنة ٢٠٠٩ / وزارة البلديات........................................ ص ٥

استحداث بلدية ( سيتەك ) في ناحية ( سيتەك ).

❁ بيان رقم ( ٥ ) لسنة ٢٠٠٩ / وزارة البلديات........................................ ص ٦

تغيير درجة بلدية ( چۆمان ) من ( الثالثة ) إلى ( الثانية ).

❁ بيان رقم ( ٥ ) لسنة ٢٠٠٩ / وزارة البلديات........................................ ص ٦

استحداث بلدية ( بەمۆ ) في ناحية ( بەمۆ ).

❁ تعليمات رقم ( ٤ ) لسنة ٢٠٠٩ الزراعة........................................ ص ٧

الإجازة البساتين في الغابات الطبيعية.


No.:106 Date : *Oct*,5, 2009 Vol. : 9

العنوان : اربيل- تقاطع عينكاوه- بناية وزارة العدل.

☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٠٧٥٠٤٧٣٨٤٢ - ٠٧٥٠٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەنـــاوی گەلـــەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٢٠ ) ساڵی ٢٠٠٩**

به پێی خاڵی (٢) ی بڕگەی ( یەکەم ) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان– عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردوویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢) لە ٢٠٠٩/٩/٨ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## بڕیار ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٩

یەکەم : قەبووڵکردنی وازهێنانی ( د. بەرهەم ئەحمەد صالح ) لە ئەندامییەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.
دووەم : ( جلال علی عبدالله عثمان ) کە زنجیرەی ناوی (٦٠) ە لە لیستی هەڵبژاردنی کوردستانی لە ڕۆژی سوێند خواردنی یاساییەوە لە ٢٠٠٩/٩/٨ دا جێی دەگرێتەوە.
سێیەم : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ( ٢٠٠٩/٩/٨ )ەوە جێ بەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمی ( وەقایعی کوردستان ) دا بڵاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**هەولـــێر**
٢٦ / گەلاوێژ / ٢٧٠٩ی کوردی
٢٧ / ڕەمەزان / ١٤٣٠ی کۆچی
١٧ / ئەیلول / ٢٠٠٩ی زایینی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەرێمی كوردستانی عێراق
سەرۆكایەتی هەرێم
سەرۆك

بەنـــاوی گەلــــەوە

بڕیار

ژمارە ( ٢١ ) ساڵی ٢٠٠٩

به پێی خاڵی (٢) ی برگەی ( یەكەم ) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان– عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق كردوویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٤) لە ٢٠٠٩/٩/١٦ بڕیارماندا بە دەركردنی:

# بڕیار ژمارە (١١) ساڵی ٢٠٠٩
# هەموار كردنی شەشەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان-عێراق ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار كراو

ماددەی یەكەم:

ماددەی ( ٣٨ ) سی و هەشتەمینی هەموار كراو لە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمان ، هەموار دەكرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ماددەی ( ٣٨ ):

لیژنە هەمیشەییەكان بەم شێویەی خوارەوە پێكدەهێنرێت:

١–لیژنەی كار و باری یاسایی.
٢– لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری.
٣– لیژنەی نـــاوخـۆ و ئـاســـایشی و ئەنجومەنە خۆجێییەكان.
٤– لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری.
٥– لیژنەی بەرگری لە ماف ئافرەت.
٦– لیژنەی پەروەردە و فێركردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی .
٧– لیژنەی كار و باری تەندروستی و ژینگە.
٨– لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان.
٩– لیژنەی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ كردن و هاوچەرخكردنی لادێ.
١٠– لیژنەی پەیوەندییەكان و رۆشنبیری و راگەیاندن و شوێنەوارەكان.
١١– لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینی.
١٢– لیژنەی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید.
١٣– لیژنەی ماف مرۆڤ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

١٤- لیژنەی پیشەشازی و ووزە و سەرچاوە سروشتیەكان .

١٥- لیژنەی خزمت گوزاریەكانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار.

١٦- لیژنەی پاراستنی مافی بەركاربەر.

١٧- لیژنەی وەرزش و لاوان .

١٨- لیژنەی دەسپاكی ( نەزاهەت ).

١٩-لیژنەی كاروباری كۆمەڵەی مەدەنی.

**ماددەی دووەم :**

بڕگـەی (٣) لـە مـاددەی (٣٩) سـی و نۆیـەمی هـەموار كـراو ،هـەموار دەكـرێ و بـەم شـێوەی خـوارەوە دەخوێندرێتەوە:

﴿ لیژنەی هەمیشەییەكان لە ژمارەیەك ئەندام پێكدێن كە لە پێنج ئەندام كەمتر نەبن و لە یازدە ئەندامیش زیاتر نەبن و هەر لیژنەیەش لە ناو ئەندامانیدا سەرۆكێك و جێگرێكی سەرۆك و بڕیاردەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.﴾

**ماددەی سێیەم :**

كار دەكرێت بەم هەموار كردنە كە لە رۆژی دەرچوونیەوە و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان ) دا بلأودەكرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عێراق**

**هەولـــێر**

٢٦ / گەلاوێژ / ٢٧٠٩ی كوردی

٢٧ / رەمەزان / ١٤٣٠ی كۆچی

١٧ / ئەیلول / ٢٠٠٩ی زایینی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەنـــاوی گەلـــەوە
بڕیار
ژمارە ( ٢٢ ) ساڵی ٢٠٠٩

بە پێی خاڵی (٢) ی بڕگەی ( یەکەم ) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان– عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردوویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٤) لە ٢٠٠٩/٩/١٦ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## بڕیار ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٩

یەکەم: دەستنیشانکردنی رێزدار ( بەرهەم احمد صالح احمد ) بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان–عێراق.
دووەم : دەستنیشانکردنی رێزدار ( ئازاد نجیب محمد سلیم ) بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان–عێراق.
سێیەم : سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەم بڕیارە بۆ بەجێهێنانی ماددەی ( دووەم ) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٦ ،کە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی پێ هەموار کراوە راسپاردنی هەردووکیان بۆ پێکهێنانی وەزارەت لە ئەستۆ دەگرێ.
چوارەم: ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی رەسمی( وەقایعی کوردستان )دا بڵاودەکرێتەوە و لە رۆژی دەرچوونیەوە دەخرێتە بەرکار.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق

هەولـــێر
٢٦ / گەلاوێژ / ٢٧٠٩ی کوردی
٢٧ / رەمەزان / ١٤٣٠ی کۆچی
١٧ / ئەیلول / ٢٠٠٩ی زایینی

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

## وەزارەتی داد

### فەرمانی وزاری

دوای فەرمانی وزاریمان ژمارە ( ١٣٦٩ ) لە ( ٢٠٠٢/٤/٢٧ )

بڕیارمانــدا بــە گــۆڕینی نــاوی ﴿ تێبینەرایــەتی تۆمــاركردنی خانووبــەرەی چــوارتا ﴾ كــە لــە فــەرمانی ســەرەوەدا هــاتووە ، بــۆ ﴿ تێبینەرایــەتی تۆمــاركردنی خانوبــەرەی شــارباژێڕ ﴾ . لــە ڕۆژی دەرچــوونی ئــەم فەرمانە.

**فاروق جمیل صادق**
**وەزیری داد**

---

## وەزارەتی داد

### بەیـــــان ژمارە ( ٨ ) ی ساڵی ٢٠٠٩

پاڵپـشت بـەو دەسـەڵاتەی كـە پێمانـدراوە بـە پێـی مـــاددەی( ٩/دووەم ) لـە یـاسـای وەزارەتـی داد ژمـــارە ( ١٣ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ ،بڕیارماندا بە كردنەوەی بەشی كۆگا لە سەرۆكایەتی داواكاری گشتی .

**فاروق جمیل صادق**
**وەزیری داد**

---

## وەزارەتی شارەوانی

### بەیـــــان ژمارە ( ٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٩

لەبــەر كۆتــایی هــاتنی مــاوەی یاســایی ئــەو ئاگاداریــەی كــە لــە ڕۆژنامــەی ( كوردســـتانی نـــوێ ) بڵاوكراوەتــەوە بــە ژمـارەی (٤٨٦٥) لــە (٢٠٠٩/٥/٨) وە لەبـەر نـەبوونی هـیچ سـكاڵایەك یـان ڕەخنەیـەك لـە هـیچ لایـەنێك لـەماوەی یاسـایی كـە (٣٠) سـی ڕۆژە دوای بڵاوكردنـەوەی ئاگـاداری سـەرەوە بـە پێـی مـاددەی (٦) شەشــەم لــە یاســای بــەڕێوەبردنی شــارەوانیەكان ژمــارە (٦)ی ســاڵی ١٩٩٣ ی هــەمواركراو و بــەپێی ئــەو دەسەڵاتەی كە پێماندراوە لە ماددەی (٧) حەوتەم لە یاسای سەرەوە بڕیارماندا بە:-

١. كردنــەوەی شـارەوانی ( سـیتەك ) لـە ناحیـەی ( سـیتەك ) كـە سـەربە پارێزگـای سلێمانیە وە بـە پلـەی چوارەم.
٢. ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێت لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان.

**نازەنین محمد وسو**
**وەزیری شارەوانی**
**٢٠٠٩/٨/٣٠**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

## وەزارەتی شارەوانی

### بەیـــــان ژمارە ( ٦ ) ی ساڵی ٢٠٠٩

بـە پێـی ئـەو دەسـەڵاتەی کـە پێمانـدراوە بـە گـوێرەی برگـەی (١) لـە مـاددەی ( ١٠ ) لـە یاسـای بەرێـەبردنی شـارەوانیەکان ژمـارە (٦) ی سـاڵی ١٩٩٣ ی هـەموار کـراو وە لەبـەر بەرژەوەنـدی گـشتی وە گەیـشتنی ژمـارەی دانیشتوانی شارەوانی چۆمان بۆ ( ١٦٠٠٩ ) کەس بڕیارماندا بە :-

١. **گۆڕینی پلەی شارەوانی چۆمان لە پلە ( سێ ) بۆ پلە ( دوو ) .**
٢. **ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی رەسمیدا جێ بەجێ دەکرێت.**

**نازەنین محمد وسو**
**وەزیری شارەوانی**
**٢٠٠٩ / ٩ / ٢**

---

## وەزارەتی شارەوانی

### بەیـــــان ژمارە ( ٧ ) ی ساڵی ٢٠٠٩

لەبـــەر کۆتـــایی هـــاتنی مـــاوەی یاســـایی ئـــەو ئاگاداریـــەی کـــە لـــە رۆژنامـــەی ( کوردســـتانی نـــوێ ) بڵاوکراوەتـەوە بـە ژمـارەی (٤٧٩٧) لـە (٢٠٠٩/٢/١٥) وە لەبـەر نـەبوونی هـیچ سـکاڵایەك یـان رەخنەیـەك لـە هـیچ لایـەنێك لـەماوەی یاسـایی کـە (٣٠) سـی رۆژە دوای بڵاوکردنـەوەی ئاگـاداری سـەرەوە بـە پێـی مـاددەی (٦) شەشـەم لـە یاسـای بـەرێوەبردنی شـارەوانیەکان ژمـارە (٦)ی سـاڵی ١٩٩٣ ی هـەموارکراو و بـەپێی ئـەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی (٧) حەوتەم لە یاسای سەرەوە بڕیارماندا بە:-

٣. **کردنـەوەی شـارەوانی ( بەمـۆ ) لـە شارۆچـکەی ( بەمـۆ ) کـە سـەربە پارێزگـای سـلێمانیە وە بـە پلـەی چوارەم.**
٤. **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان.**

**نازەنین محمد وسو**
**وەزیری شارەوانی**
**٢٠٠٩/٦/٣٠**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

## وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری

### ڕێنمایی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠٠٩

### دروست كـــــردنی رەز و بــــاخ لە نــــاو دارســــتانە سروشتییەكــــان

بە لەبەر چاوگرتنی دیاردەی دامەزراندنی رەز و باخ لە ناو دارستانە سروشتییەكان و بەمەبەستی رێكخستن و سنوور دانان بۆ دیاردەكە و پاراستنی دارستانە سروشتییەكان و ژینگەی كوردستان و بەرژەوەندی گشتی ،بڕیارماندا بە دەركردنی ئەو رێنماییانە:

١. بەو پێیەی دارستانە سروشتییەكان لە روی چڕیەوە دابەش دەكرێن بۆ سێ جۆر ﴿ دارستانی ( چڕ ، نیوە چڕ ، بەربلاو ( متفرقة ) ) ﴾، تەنها رێگە دەدرێت بە دامەزراندنی رەز و باخ لە ناو دارستانی بەربلاو ( متفرقة ) ، لە ناو دوو جۆرەكەی تر بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە.
٢. لە كاتی دامەزراندنی باخ و رەز لە ناو دارستانی بەربلاو ( متفرقة ) دا تەنها رێگە دەدرێت بە هەڵپاچینی دارەكان بە شێوەیەكی زانستیانە. تەنها لە حالاتی زۆر پێویست دا نەبێت رێگە دەدرێت بە دەرهێنانی یان بڕینی ژمارەیەكی سنووردار و بەرتەسك.
٣. لە كاتی ئەنجام دانی پەیوەست بە بڕیاری ( ٣٩٥ ) ی ساڵی ١٩٨٣﴿ بەكرێدانی ناوچە شاخاوی و بەردەلانەكان ﴾ مامەلەی لەگەڵ بكرێت.
٤. لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاكان (ب.زەوی و زار ، ب. رەزگەری دارستان و لەوەرگاكان ) لیژنەی پسپۆڕ پێك بهێنرێت بۆ جێ بەجێ كردنی رێنماییەكان.
٥. لێژنەی پێك هێنراو بەرپرسە لە جێ بەجێ كردنی رێنماییەكە وەك خۆی و خراپ بەكار نە هێنانی .
٦. بڕینەوە یان دەرهێنانی هەر درەختێك پێویستە بۆ راستاندنی بەرێوەبەری (رەزگەری دارستان و لەوەرگاكان ) ی پارێزگا بێت.
٧. ئەم رێنماییانە لە رۆژی بلاْوكردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی كوردستان كاری پێ دەكرێت.

**عبدالعزیز طیب**
**وەزیری كشتوكاڵ**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

## الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعـــيـاً من قبل وزارة العدل

العدد ( ١٠٦ ) الطبعة الاولى السنةالتاسعة ٢٠٠٩/١٠/٥ م ١٣/رەزبەر/٢٧٠٩ كوردي ١٦/ شوال/ ١٤٣٠ هجري

فـــي هذا العدد :-


* قرار رقــم ( ٢٠ ) لســـنة ٢٠٠٩ صادر من رئاسة اقليم كوردستان-العراق ....... ص ٩
قبـول اسـتقالة ( د. بـرهم احمـد صـالح ) و حلـول ( جـلال علـي عبـدالله ) ذات تسلـسل (٦٠) محلـه، بقـرار رقـم(١٠)صــادر مـن برلمان كوردستان-العراق.

* قرار رقــم ( ٢١ ) لســـنة ٢٠٠٩ صادر من رئاسة اقليم كوردستان-العراق ....... ص ١٠
التعديل السادس للنظام الداخلي لبرلمان كوردستان- العراق رقم(١) لسنة ١٩٩٢، بقرار رقم(١١)صادر من برلمان كوردستان- العراق.

* قرار رقــم ( ٢٢ ) لســـنة ٢٠٠٩ صادر من رئاسة اقليم كوردستان-العراق ...... ص ١٢
تـسمية الـسيدين ( بـرهم اجمـد صـالح احمـد ) و ( ازاد محمـد نجيـب سـليم ) رئيسـاً و نائبـاً رئيـساً لمجلـس الـوزراء اقلـيم كوردستان-العراق، بقرار رقم(١٢)صادر من برلمـان كوردسـتان- العراق.


ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

بســــم الله الـــرحمن الــرحيم

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة الاقليم
الرئيس

بــــــاسم الشــــعب
قــــــــرار
رقــــم ( ٢٠ ) لسنة ٢٠٠٩

وفقا للفقرة ( أولاَ–٢ ) من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناء على ما شرعه برلمان كوردســــتان – العـــراق فى جلســــته المـــرقمة (٢) المنعقدة فــــي ٢٠٠٩/٩/٨ قررنا إصدار:

## قــــــرار رقـــم (١٠) لسنة ٢٠٠٩

اولاَ : قبول استقالة ( د.برهم احمد صالح ) من عضوية برلمان كوردستان–العراق.
ثانياً : حلول ( جلال علي عبدالله عثمان ) ذات التسلسل (٦٠) من القائمة الانتخابية الكوردستانية محله اعتباراً من تأريخ ادائه اليمين القانونية في ٢٠٠٩/٩/٨.
ثالثاً: يعتبر هذا القرار نافذاً اعتباراً من ٢٠٠٩/٩/٨ و ينشر في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ).

مسعود بارزاني
رئيس اقليم كوردستان–العراق

هەولێر
٢٦/گەلاویژ/٢٧٠٩ كوردية
٢٧/رمضان/١٤٣٠ هجرية
١٧/ايلول /٢٠٠٩ ميلادية

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

بســـم الله الــرحمن الــرحيم

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة إلاقليم
الرئيس

باســـم الشـــعب
قــــرار
رقــــم ( ٢١ ) لسنة ٢٠٠٩

وفقا للفقرة ( أولاَ-٢ ) من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناء على ما شرعه برلمان كوردســتان – العــراق فى جلســته المــرقمة (٤) المنعقدة فــي ٢٠٠٩/٩/١٦ قررنا إصدار:

## قــــرار رقــم (١١) لسنة ٢٠٠٩
## التعديل السادس للنظام الداخلي لبرلمان كوردستان-العراق رقم(١) لسنة ١٩٩٢

المادة الاولى:

تعدل المادة (٣٨) الثامنة و الثلاثون المعدلة من النظام الداخلي للبرلمان و تقرأ كالآتي:

المادة ٣٨ :

يتم تشكيل اللجان الدائمة على الوجه الاتي:

١. لجنة الشؤون القانونية.
٢. لجنة المالية و الشؤون الاقتصادية.
٣. لجنة الداخلية و الامن و المجالس المحلية.
٤. لجنة الزراعة و الري.
٥. لجنة الدفاع عن حقوق المرأة.
٦. لجنة التربية و التعليم العالي و البحث العلمي.
٧. لجنة الشؤون الصحية و البيئة.
٨. لجنة الشؤون الاجتماعية و الطفل و الاسرة.
٩. لجنة الاعمار و الاسكان و عصرنة الريف.
١٠. لجنة العلاقات و الثقافة و الاعلام و الآثار.
١١. لجنة الاوقاف و الشؤون الدينية.
١٢. لجنة شؤون الپيشمەرگە و الشهداء و ضحايا الجينوسايد.
١٣. لجنة حقوق الانسان.

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

١٤.لجنة الصناعة و الموارد الطبيعية .

١٥.لجنة الخدمات البلدية و النقــل و الاتصالات و السياحة.

١٦. لجنة حماية المستهلك.

١٧. لجنة الريــاضــة و الشــباب.

١٨. لجنة النـــزاهـــة.

١٩.لجنة شؤون المجتمع المدني.

**المادة الثانية:**

تعدل الفقرة (٣) من المادة (٣٩) التاسعة و الثلاثون ( المعدلة ) و تقرأ كالاتي:

《 تشكل اللجان الدائمية من عدد لا يقل عن خمسة اعضاء و لا تزيد عن احد عشر عضواً و تنتخب كل لجنة من بين اعضائها رئيساً و نائباً للرئيس و مقرراً لها.》

**المادة الثالثة:**

يعمل بهذا التعديل اعتباراً من تاريخ اصداره و ينشــر في الجــريدة الــرسمية ( وقائع كوردستان ).

**مسعود بارزاني**

**رئيس اقليم كوردستان-العراق**

**هەولێر**

٢٦/گەلاويژ/٢٧٠٩ كوردية

٢٧/رمضان/١٤٣٠ هجرية

١٧/ايلول /٢٠٠٩ ميلادية

ئەرشيفى ڕۆژنامەى وەقائعى كوردستان لە سايتى وەزارەتى داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

بســـم الله الــرحمن الــرحيم

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة إلاقليم
الرئيس

بــــاسم الشـــعب
قــــــرار
رقـــم ( ٢٢ ) لسنة ٢٠٠٩

وفقا للفقرة ( أولاَ–٢ ) من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناء على ما شرعه برلمان كوردســـتان – العـــراق فى جلســـته المـــرقمة (٤) المنعقدة فـــي ٢٠٠٩/٩/١٦ قررنا إصدار:

## قــــــرار رقـــم (١٢) لسنة ٢٠٠٩

اولاً : تسمية السيد ( برهم اجمد صالح احمد ) رئيساً لمجلس الوزراء اقليم كوردستان–العراق.
ثانياً : تسمية السيد ( ازاد محمد نجيب سليم ) نائباً رئيساً لمجلس الوزراء اقليم كوردستان–العراق.
ثالثاً : يتولى رئيس اقليم كوردستان تكليفهما بتشكيل الوزارة اعمالاً للمادة ( الثانية ) من القانون رقم (٢) لسنة ٢٠٠٦ المعدل لقانون رئاسة الاقليم كوردستان–العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥.
رابعاً : ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) و يعتبر نافذاً من تاريخ اصداره.

مسعود بارزاني
رئيس اقليم كوردستان–العراق

<u>هەولێر</u>
٢٦/گەلاوێژ/٢٧٠٩ كوردية
٢٧/رمضان/١٤٣٠ هجرية
١٧/ايلول /٢٠٠٩ ميلادية

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقائعى كوردستان لە سايتى وەزارەتى داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM